# چۆن (بوو)ی نیشانەی کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن لەگەڵ (بوو)ی کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕابردوو لەیەک جیابکەینەوە؟

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی
ئامادەییی (سلێمانی)ی کچان

یەکشەممە (٩/٤/٢٠٢٣)

ماموستا (عبدالله عبدالقادر علی)

وەڵام/ (بوو)ی نیشانەی کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن لە ڕوخساردا وەکو (بوو)ی کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕابردوو وایە، زۆر جار تێکەڵ دەکرێن و بەئاسانی جیا ناکرێنەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین بەهۆی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە جیایان بکەینەوە.

| (بوو)ی نیشانەی کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن | (بوو)ی کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕابردوو |
|---|---|
| ١/ لە نووسیندا هەمیشە (بوو)ی نیشانەی کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن دەلکێت بە قەدەکەی پێش خۆیەوە لە بکەردیاردا، واتە بۆشایی (سپەیس) لەنێوانیاندا نییە، بەڵام لە بکەرنادیاردا دەلکێت بە کۆتایی نیشانەی (را).<br>نم/ نامەکەی بۆ من هێنابوو.<br>نم/ نامەکە بۆ من هێنرابوو. | ١/ لە نووسیندا هەمیشە (بوو)ی کاری ناتەواو نالکێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە، واتە بۆشایی (سپەیس) لەنێوانیاندا هەیە.<br>نم/ خوێندکارەکە زیرەک بوو. |
| ٢/ لە ڕووی واتاوە، ئەگەر (بوو)ی نیشانەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن لە ڕستەدا لاببەین، واتای ڕستەکە تێک ناچێت، تەنیا لە رووی ڕێزمانەوە کارەکە لە ڕابردووی دووری | ٢/ لە ڕووی واتاوە، ئەگەر (بوو)ی کاری ناتەواو لە ڕستەدا لاببەین، واتای ڕستەکە تێک دەچێت، چونکە (بوو) کاری سەرەکیی ڕستەکەیە و ڕستەش بەبێ کار نابێت. |

| | |
|---|---|
| ڕاگەیاندن)ەوە دەبێت بە (ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن).<br>نم/ نامەکەی بۆ من هێنابوو. (ڕابردووی دوور)<br>نم/ نامەکەی بۆ من هێنا. (ڕابردووی نزیک) | نم/ خوێندکارەکە زیرەک بوو. (ڕستەیە.)<br>نم/ خوێندکارەکە زیرەک ×. (ڕستە نییە.) |
| ٣/ ئەگەر کاری ڕستەکە بکەین بە نەرێ، بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت و شوێنەکەشی دەچێتە پێش قەد لە بکەردیاردا و پێش ڕەگ لە بکەرنادیاردا، نەک پێش نیشانەی (بوو).<br>نم/ نامەکەی بۆ من نەهێنابوو. (نەرێی بکەردیار)<br>نم/ نامەکە بۆ من نەهێنرابوو. (نەرێی بکەرنادیار) | ٣/ ئەگەر کاری ڕستەکە بکەین بە نەرێ، بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت و شوێنەکەشی ڕاستەوخۆ دەچێتە پێش پێش (بوو).<br>نم/ خوێندکارەکە زیرەک نەبوو. (نەرێ) |
| ٤/ لە ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن ناتوانین (بوو) بگۆڕین بۆ کاری (ە)ی کاتی ئێستا و کاری (دەبێت)ی کاتی داهاتوو، چونکە (بوو) لێرە کار نییە، بەڵکو نیشانەیە.<br>نم/ پیاوەکە هاتە. (نابێت.)<br>نم/ نامەکەی بۆ من هێنادەبێت. (نابێت.) | ٤/دەتوانین (بوو) بگۆڕین بۆ کاری (ە)ی کاتی ئێستا و کاری (دەبێت)ی کاتی داهاتوو، چونکە (بوو) لێرە کارە و نیشانە نییە.<br>نم/ خوێندکارەکە زیرەک بوو. (کاتی ڕابردوو)<br>نم/ خوێندکارەکە زیرەکـــــە. (کاتی ئێستا)<br>نم/ خوێندکارەکە زیرەک دەبێت. (کاتی داهاتوو) |
| ٥/ لەپێش (بوو)ی نیشانەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن، (قەد)ی چاوگ لە بکـــەردیار و (ڕەگ + را) لە بکەرنادیار دێت.<br>نم/ نامەکەی بۆ من هێنابوو. (بکەردیار)<br>نم/ نامەکە بۆ من هێنرابوو. (بکەرنادیار) | ٥/ لەپێش (بوو)ی کاری ناتەواو، بەزۆری یەکێک لەم پێنج بەش و جۆرانە دێن، کە ئەمانەن:<br>أ/ ناو/ گرێی ناوی:<br>نم/ نەسرین مامۆستا بوو.<br>نم/ نەسرین مامۆستایەکی زیرەک بوو. |

ماموستا (عبدالله عبدالقادر علی)

| | |
|---|---|
| ب/ جێناوی سەربەخۆ: یەکەمەکە ئەو دەبێت.<br>ج/ چاوگ: ئاواتم خوێندن بوو.<br>د/ هاوەڵناو: هەورامان فێنکـــــە.<br>هـ/ هاوەڵکار: ئاهەنگەکە بەشەو بوو. | |

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

کۆتایی